
# هەڵکەوت عەبدوڵڵا ڕۆمانێکی تاهیر بن جەللون دەکاتە کوردی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(دایکم کاتێک یادی کاڵ دەبێتەوە) ڕۆمانێکی تاهیر بن جەللون، نووسەری فەرەنسی – مەغریبییە و لەلایەن هەڵکەوت عەبدوڵڵا، نووسەر و وەرگێڕی کورد لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدرا.

هەڵکەوت عەبدوڵڵا بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "مرۆڤ تاوەکو دایکی لە ژیاندایە هەر منداڵە، بەڵام کاتێک دایکی کۆچی دوایی دەکات یەکسەر پیر دەبێت. ناخۆشترین شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە دایکی دووچاری نەخۆشییەک بێت کە چارەسەری نییە و وردە وردە دەپووکێتەوە" لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم ڕۆمانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پێشکەشی دایکی کردووە.

کتێبەکە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپکراوە و لە کانوونی دووەمی 2020 دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

تاهیر بن جەللون لە یەکی کانوونی یەکەمی 1944 لە مەغریب لەدایکبووە. لە نەوەی دووەمی ئەو نووسەرە مەغریبیانەیە کە بە زمانی فەڕەنسی دەنووسن، براوەی خەڵاتی Goncourtـە بۆ ڕۆمانی (شەوی قەدر).

هەڵکەوت عەبدوڵڵا 1956 لە سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی 1986 بە هاوکاریی کۆمەڵێک نووسەر و چالاکوان گۆڤاری (یەکگرتن)ی دامەزراندووە و بووەتە سەرنووسەری گۆڤارەکە و 16 ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە. خاوەنی زیاتر لە 40 کتێبی وەرگێڕدراو و نووسراوە لە بوارەکانی دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، زانستی سیاسی، جیۆپۆڵەتیک و منداڵان.

# چاپی سێیەمی ڕۆمانێکی بەختیار عەلی بە کرمانجی بڵاودەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

چاپی سێیەمی ڕۆمانێکی بەختیار عەلی کە لە شێوەزاری سۆرانییەوە کراوەتە کرمانجی، لە ئیستانبوڵ بڵاوکرایەوە.


"جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد" یەکێکە لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی بەناوبانگی کورد بەختیار عەلی و بۆ یەکەمجار بە سۆرانی لە ساڵی 2010 بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆمانەکە کە لە 128 لاپەڕە پێکدێ، ساڵی 2012 لەلایەن بەسام مستەفا لە سۆرانییەوە کرایە کرمانجی، لەلایەن وەشانخانەی ئاڤێستا لە ئیستانبوڵ چاپ و بڵاوکرایەوە.

چاپی کرمانجی ڕۆمانەکە لە نێو ئەو کوردانەی بە شێوەزاری کرمانجی دەئاخڤن، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و ساڵی 2015 چاپی دووەمی کرایەوە، بەڵام چاپی دووەمیشی لە کتێبفرۆشییەکاندا نەما، بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چاپی سێیەمی کرایەوە.

بەسام مستەفا بێجگە لەو ڕۆمانە سێ ڕۆمانی دیکەی بەختیار عەلی لە سۆرانییەوە کردوون بە کرمانجی، ئەوانیش: ئێوارەی پەروانە، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان و دواهەمین هەناری دونیا.

بەختیار عەلی ساڵی 1960 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی بەختیار عەلی قەسیدەی «نیشتیمان»ـە کە قەسیدەیەکی درێژە. زۆربەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون. ناوبراو خاوەنی چەند ڕۆمانێکە لەوانە: مەرگی تاقانەی دووەم، ئێوارەی پەروانە، دواهەمین هەناری دونیا، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، شاری مۆسیقارە سپییەکان، جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد. غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ، کەشتیی فریشتەکان، هەورەکانی دانیاڵ و دەریاس و لاشەکان.




# کتێبێکی نوێ لەبارەی "فەلسەفەی بوونگەرایی"




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

وەرگێڕی کورد ئازاد بەرزنجی لە وەرگێڕانی کتێبی "فەلسەفەی بوونگەرایی"ی بیرمەندی ناوداری عەرەب عەبدولڕەحمان بەدەوی بووەتەوە و بەنیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاوی بکاتەوە.

ئازاد بەرزنجی لەبارەی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە، نووسیویەتی: "بەدەوی لەم کتێبەدا جگە لەوەی سەرەتا باس لە پێشزەمینە فەلسەفییەکانی تەوژمە فیکری و فەلسەفییەکانی سەدەی بیست دەکات، دواتر بە کورتی باس لە فەلسەفەی بوونگەرایی و تەوەرەکانی ئەو فەلسەفەیە دەکات".

هەروەها دەڵێت: "کتێبەکەی بەسەر چەند بەشێکدا دابەش کردووە، هەر بەشێکی تەرخانە بۆ یەکێک لە فەیلەسووفە بوونگەراکان و ژیان و تەوەر و چەمکە سەرەکییەکانی فەلسەفەکەیان کە دەشێ خوێنەری کورد بە هەندێکیان ئاشنا نەبن".

پێڕستی کتێبەکەش بەمجۆرەیە: پەرەسەندنی فەلسەفی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، پوختەی بوونگەرایی، سۆرین کیرکەگۆر، مارتن هایدیگەر، کارڵ یاسپەرز، ئۆرتیگا ئی گاسێت، میگیل دی ئۆنامۆنۆ، ئەلبێر کامۆ، نیکۆلای بێردیاییڤ، گابرێل مارسێل و ژان پۆل سارتەر.

لە کۆتایشدا پوختەی فەلسەفە بوونگەراییەکەی خۆی بۆ خوێنەران دەخاتەڕوو. ئازاد بەرزنجی دەڵێت: "ئومێدەوارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم کتێبە و کتێبێکی دیکەش کە سەبارەت بە "نیچە" کردوومانە بە کوردی، لەلایەن دەزگای جەمال عیرفانەوە چاپ و بڵاوبکرێنەوە و بکەونە بەر دەستی خوێنەرانی کورد".

# لە ئامەد ڕۆژنامەیەکی نوێی کوردی بڵاودەکرێتەوە




■ ئا: بەسام مستەفا

لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان ڕۆژنامەیەکی کوردی بەناوی خوەبوون (Xwebûn) دەستی بە وەشان کرد کە هەفتەی جارێک دەردەچێ.

خوەبوون لە 12 لاپەڕە پێکدێ و چەند ڕۆژنامەڤانێک کاری تێدا دەکەن لەوانە: سامی تان، شەنەر ئۆزمەن، فەلامەرز ئولوگ، عەگید یازار، مزگین ڕووناک، یڵدز چاکار، ڕەمەزان ئۆلچەن، ئایهان ئەرکمەن و یوسف زۆزانی.

زەینەل بولوت، ئەندامی لیژنەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خوەبوون لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لە باکووری کوردستان ڕۆژنامە بە زمانی کوردی نەبوون، بۆیە ئێمە ویستمان ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە. هەروەها دەڵێت: "لە دژی سیاسەتی قڕکردنی زمان و چاندی کوردی، بۆ پێشگیری لەو سیاسەتە ئێمە دەستمان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەمان کرد".

بولوت ئاماژەی بەوەدا کە ڕۆژنامەکەیان تەنیا لە باکووری کوردستان قەتیس نابێ، بەڵکو بۆ هەر چوار پارچەی کوردستانە و دەڵێت: "ئێمە ناومان نا خوەبوون، خوەبوون خۆناسینە، خۆناسینی ئەدەب و کولتوور و زمان و مێژووی گەلی کورد".

هەفتەنامەکە بە تیپی لاتینی و عەرەبی بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی و زازاکی چاپ دەکرێ.

# شیعری بێگەرد

سەباح ڕەنجدەر



1

زمان ئاسۆی گەردوونیی هەیە و مرۆڤیش لە نێوان زمانە هاوبەشەکاندا دابەشکراوە. شیعر پانتایی زمان تێناپەڕێنێ، بەڵکو دەیکاتە هونەری زمان. لە شیعری بێگەردا پرسێکی گرینگ ڕۆڵ دەبینێ، زمان دەبێتە هونەری زمان، هەروەها شیعریش دەبێتە هونەری زمان. بۆ هەر وشەیەک زیاد لە مانایەک پەیدا دەبێت و سروشتییانە هەڵدەقوڵێت، لە زمانی زانستدا یاری بە مانای وشە ناکرێت، واتە: وشە یەک مانای هەیە و بەس. لە شیعری بێگەردا زمان بە پەنهانی نامێنێتەوە و بە لێکدانەوەکانی دەوڵەمەند دەبێت و دەبێتە ئەزموونی شاعیر و ناوەندی مانا، ئەزموونی شاعیر و ناوەندی مانا هەر لە لەدایکبوونی مرۆڤی ئاساییەوە تا لەدایکبوونی خوداوەندەکان درێژ دەبێتەوە، یان لە مردنی مرۆڤی ئاساییەوە تا مردنی خوداوەندەکان، واتە: سەرەتا پرسیار لە کۆتایی دەکات و کۆتاییش پرسیار لە سەرەتا دەکات، وەڵامەکان شیعری بێگەردن و سنوورەکانی ئەندێشەی شاعیر بەرزدەکەنەوە و دەستنیشانی دەکەن.

2

لە زماندا نەێنییەک هەیە، پانتاییە جۆراوجۆرەکانی بوون گەڵاڵە دەکات، تەنیا شیعر دەتوانێت دەستی بۆ ببا و دوو ئاسۆی کارای تێدا تێکەڵاو بکات.

یەکەم: ئەو ئاسۆیەی ژینگە دەیخوڵقێنێت، زمان توانای پەیپێبردنی هەیە.

دووەم: ئەو ئاسۆیەی شیعر دەیخوڵقێنێت، بە چەشنێکی زمانەوانی، دۆخگۆڕین دەکات.

شاعیر نیشتەجێی هەردوو ئاسۆیە. ئاسۆی یەکەم بە تەواوی توانا ماناییەکانیەوە ئامادەیی لە ئاسۆی دووەمدا هەیە. ئاسۆی دووەمیش بە تەواوی جیهانبینییەوە ئامادەیی لە ئاسۆی یەکەمدا هەیە. تواناکانی زمان تێیاندا فەراهەم دەبێت و درێژە بە هێزی زمان و ڕێگاکانی بینینی جیهان دەدات و هێما ئافرێنەرەکان زمان دەیانکاتەوە.

3

شیعر هۆکارێکی سەرەکییە لە بوونی مرۆڤدا. مرۆڤیش جەماوەری کۆی شتەکانە، کەواتە: شیعر ئەگەر چەند کەسانێکی وریا و بەئاگا و بژاردە بیخوێننەوە، ئەوە شیعرێکی بە جەماوەرە. بەدحاڵی و خۆهەڵخەڵەتاندنێکی کوشندە لەناو بەشێک لە ئێمەماناندا پەیڕەو دەکرێت. خۆماتدان لەژێر ئەو پرسیارە بەتاڵەی هەر شیعرێک نەیتوانی لە سەردەمی خۆیدا جەماوەر پەیدا بکات، ئەوە شیعرەکە لە ئاستێکدایە و جەماوەریش لە ئاستێکی نزمتردان، یان لە سەردەمێکی پێشکەوتووتردا جەماوەری ڕۆشنبیرتر پەیدا دەبن و دەبنە خوێنەری ئەم چەشنە شیعرە. ئەم جۆرە تێڕوانینە هێرشکردنە سەر شیعر و سووکایەتیکردنە بە خوێنەر، دەرهاوێشتە و کاردانەوە و تۆڵەسەندنەوەی ئەوەیە کە خوێنەر بەلایەوەناون و نایانخوێنێتەوە.

ئەگەر شیعرێک لە سەردەمی نووسینیدا نەیتوانی جەماوەری وریا و بەئاگا و بژاردە بۆ خۆی پەیدا بکات، لە هیچ سەردەمێکی تردا ناخوێندرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بڕوام بە دیاردەی دەگمەن و ناوازە و سەرپەڕ هەیە.

مەحوی، گۆران، دیلان ..... تاد، شاعیری بە جەماوەرن، ئەمانە لە ڕوئیا و شیعرییەتدا لە ورووژان و ڕاکێشانی جادوویی و جاویدانیدان، بە خاڵی بەیەکگەیشتن گەیشتوون، بەیەکگەیشتنی شیعرییەت و جەماوەر، هەستدەکەیت هەموو شتێکیان بینیوە، سوودیان لە کەشوهەوا و هێما ئەفسانەییەکانیش وەرگرتووە و نیگەرانییەکی داهێنەرانەیان تێدایە. با هەڵ و بوارێک وەربگرین و بچینە ناو شیعرییەتی ئەم سێ دەقەوە:

یەکەم: ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلووق، مەحوی.

دووەم: دواسەرنج، گۆران.

سێیەم: سێبەری پەرت، دیلان.

لە هەمان کردەشدا دەبینین هەیە نیو سەدەیە پیادەی نووسینێک بە نیازی شیعر دەکات، کەچی من وەک خوێنەرێکی ناوەخن و بەردەوامی شیعری کوردی، ئەوەم ڕووبەڕوو نەبووەتەوە یەک دێڕیشی بووبێتە دەقێکی: (چێژ)، یان دەقێکی: (ڕوئیا)، یان دەقێکی: (مەعریفی). هەر پانتاییەکی سپی کاغەز بە نیازی شیعر، بە ڕەنگێک داپۆشرێت ئەم سێ خاڵە تێیدا ئامادەبوونێکی بەهێز و پڕ جووڵەی نەبێت، بێ هیچ چەندوچوونێک لە شیعرییەت بەتاڵە و مێژووی داهێنان فڕێیدەدات و بانگەێشتی ناکات بۆ بینینی جیهان.

نوێبەخشی بناغەدار، بەردەوام لە ڕەگی کۆمەڵگا کاردەکات، کۆمەڵگاش بوونی خۆی دەناسێت و لە دەرکەوتنی بزووتنەوەکان ئاگادار دەبێت، ئەو ڕەگەزانەش دەناسێت کە نوێبەخشی دەگونجێنێت و چالاکی دەکات.

نموونە: شیعری (وەرە خواریێ ئەی خواکەی غەریبان لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خواریێ)ی ئەنوەر قادر محەممەد. فەزایەکی زیندووی هەیە و تا بڵێی ئێستێتیکییە. نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی لە ئەزموونێکی ئێستێتیکی سێبەردار دارشتووە و باری دەروونیی کۆمەڵگای کوردیی تێدا بەرجەستە کردووە.

بە خاڵی بەیەکگەیشتنی شیعرییەت و جەماوەر گەیشتووە، بەهرەی خۆڕسکی شیعر، بێ زۆرلەخۆکردن ئافراندوویەتی.

بڕواشم وایە ئەوانەی ڕوئیا و شیعرییەتیان لا دروست نەبووبێت تەمەنی نووحیشیان هەبێت نابن بە شاعیر. جا گرفت لەوەدا نییە ئەم شیعرە بە جەماوەرە، یان نا، بەو مانا خۆهەڵخەڵەتاندنەی لەناو ئاستنزم و پەراوێزەکان پڕوپاگەندەی کوشندەی بۆ دەکرێت. ئەوە گرفتەکەیە. ئایا ئەم شیعرە ڕوئیا و شیعرییەت و بنیاد و شێواز و بیرۆکە و نیشانە هاوچەرخەکانی تێدایە، یان نا.

من بڕوام بە شیعرییەت و ڕوئیا و جەماوەری وریا و بەئاگا و بژاردە و ئەزموونی شاعیر و خۆبوونی هەیە.

4

خودایە، کە هێڵەکانی ژیانت ڕێکخستووم، ئازادیی نووسین و داهێنانت بۆ فەراهەم، پرسەکانت تاوتوێ کردووم. بە تەواوی بڕوا و قەناعەتەوە، ڕۆژی پێنج فەرز خۆم ڕاستەڕێ دەکەم و نوێژت بۆ دەکەم، کە بەسەر ڕەگی درەختی ڕەگ گەیشتووی ناو ئاوی پاراو بنیادتناوم. حەزم لە تەمەندرێژیی نییە، نیو سەدە زیاترە دەژیم. ئەوپەڕی ئاواتمە بچمە جیهانی خامۆشانەوە، ئەو جیهانەی خۆت بانگهێشتم دەکەیت، بەهەشت. لەوێ ئەو حۆریانەی لە پاداشتی کردەوەکانم خەڵاتم دەکەیت، تا پلەی شیعرییەت بەرزیان دەکەمەوە و بەوپەڕی ڕێزەوە ڕەتیان دەکەمەوە، داوای دیوانی شاعیرە داهێنەرەکانت لێدەکەم.

لەوێ هەموو زمانەکانی دنیا دەبنە یەک زمان و دەیزانم، شیعری هەموو زمانەکانی پێ دەخوێنمەوە، دەست لە هەموو شتێک بەردەدەم، مشوورخواردنی: ماڵ و منداڵ و کەسوکار و نەتەوە و مرۆڤایەتیشم نامێنێت تا پێیانەوە سەرقاڵبم و چاودێری بارودۆخ و جیهانیان بکەم. خۆم تەرخاندەکەم بۆ خوێندنەوەی شیعری بێگەرد، لە شەڕی چاودێریی مرۆڤە هەڵبزڕکاو و ناخ گەچراوەکانیش ڕزگار دەبم.


ئەو یەکرووییەی کە خەسڵەتی بنەڕەتی مرۆڤی ئاشقە، خۆت هەر لە لەدایکبوونمەوە ڕژاندووتە هەستەکانمەوە، سوپاست دەکەم.

ئەی خودا: من تۆم خۆشدەوێ، قەتیش لێت نەترساوم و لێشت ناترسێم، کە گوێڕایەڵتم: نە لەپێناو پاداشتی بەهەشتە، نە لە ترسی سزای دۆزەخە. تەنیا لە خۆشەویستی خۆتەوەیە و بەس.

کە لە دنیادابوونێکی بچکۆلەم هەیە قەرزاری شیعرم، ناوەندی ژیانی منە و لەو لەدایکبووم. ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ دەبینم لە هەموو شوێنێکدا بەسەرمدا دادەبارن. لەسەر زەمین دەبنە قەڵا پاڵیان پێوەدەدەم. گوللەی دووکەڵی مرۆڤە هەڵبزڕکاو و ناخ گەچراوەکانیش وەک فسی پێش تەنگاوبوون وایە.

5

هەر دەقێکی جوانی شیعرییم خوێندبێتەوە، توانایەک لە هێڵی بەرزبوونەوەی ناخمدا پەیدادەبێت، کە توانای دۆزینەوە و دارشتنەوەی سەرلەنوێی ژیانمی هەیە. قەت ئاواتم نەخواستووە من نووسیبوومایە، زۆر بە ڕاشکاوییەوە ناخی خۆم ڕادەگەیەنم: هەموو دەقێکی جوانی شیعری بە هی خۆم دەزانم، دەچمە ناو کەژاوەی شانازییانەوە و بۆنی خەمی یەکەم و هە ستە کا نیا ن دەکەم، دەریام تێدا بزر دەبێت.



# شیعر، کافە و کەلاوە

## سەرنجێک لەسەر شوێن لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

عادل قادری



یەکێک لەو جەمسەرانەی قەت لە دەرکەوتە و دیاردەی شیعر جیانابێتەوە و دەشێت وەکوو توخمێکی ژێرەوانکێ و شاراوە هەمیشە لەگەڵیدا بێت "شوێنە". شوێن لێرەدا ڕووبەرێکی دیار و ڕەها و دەستنیشانهەڵگر لەخۆناگرێت، شوێن وەکوو جێگەی لەدایکبوونی دانەری شیعر، وەکوو مەودای خەیاڵکردنی شاعیر، وەکوو ڕووبەری ئەزموونکردنەکانی سووژەی شیعر، وەکوو پانتایی هەڵچوون و داچوونەکانی مرۆڤ، وەکوو گۆڕەپانی ناکامی و کامیاریی ئاژەڵێکی گۆکەر (حیوان ناگق) و.. هتد. بەربڵاویی ڕووبەری شوێن ئاماژەیەکە بۆ بەربڵاوی و ناکۆتابوونی ئەزموونەکانی سووژەی زمانباز و شاعیر. لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکان لە پانتاگەڵی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پێوەندییەکان و کولتوور جۆرێک ئامادەیی شیعر لە شەقام و ناو کافەکاندا دەبینرێت. ئەم حاڵەتە بۆ ئێمە سەیر و سەرنجڕاکێش نابێ ئەگەر ئەم دەرکەوتەیە بە پیاسەی ئازاد و نیوەئازادی ناو شەقام و گۆڕەپان نەبینین. لێرەدا ئاماژەم بۆ جۆرێک گەڕانەوەی شیعرە لەناو هۆڵە داخراوەکان و بینا بیروکراتیک و فەرمانبەرییەکان بۆ ناو پارک و کافە و شوێنگەلێک کە مۆرکی دەسەڵاتی بە ئاسانی لێ نادرێت، ئەگەرچی مۆڵەتەکەی لەو وەرگیرێت! گرینگیی کافە وەکوو شوێن لێرەدایە دالانێکی پڕ هاتوچۆیە، نیشتنگەیەکی تێپەڕ و بزۆزە، هەڵگری ئاپۆرە و خەڵوەتیشە پێکەوە، ئاڕاستەیەک نییە لە بنبەستەوە بتەقێت، لە هەموو گۆشەیەکی شار دەتوانێت وەکوو کارگ هەڵتۆقێت، لێرەدا کافە شوێنگەی دیار و شاراوەی هەست و شیعریەت و وجوودە، لێرەدا شار لە ئاستێکی دیار و بەرجەستەدا خۆی نمایش دەکات. کتێب و مۆسیقا و ئامادەیی بەرفراوانی تاقمێکی پڕوزە و جیاوازیین بەهۆی جێندەر و ڕەگەزەوە (ژنان) لەم شوێنەدا ئەم پردە پڕاگوزارەی پاراوتر و ڕەنگینتر کردووە.

ژن بەردەوام توخمێکی ئایدیاڵی ناو شیعری کوردی بووە و جوانیناسیی شیعری کوردی بەبێ ئەو وێنە ئایدیاڵ و باڵایە لە ژن ناپۆڕێت، لە قەوارەی عاشق، مەحبووب، یار، مەعشووق، بێ وەفا، خائین، شۆخ، سەنگین و سەلاردا دەرکەوتووە و هەڵبەت و بێگومان بە گێڕانەوەیەکی پیاوانەوە، بە زمان و مەعریفەیەکی پیاوانەوە، ئێستە ئامادەیی ژن لە شوێنێکی پڕ هەڵەت و قەرەباڵغی وەها و لەناو خرۆکەی بلوورین (گوی بلورین)ی شیعر زەنگی پرۆڤەکردن و ئەزموونکردنی پرۆسەی بەسووژەبوونە، سووژەیەک کە کەلێن و کلۆرییەکانی تێگەیشتن و جوانیناسی و مەعریفەی سووژەی پیاو پڕ دەکاتەوە. ئەگەرچی کافە لە شارەکانی ئێمەدا هەمان ڕۆڵ ناتوانن بگێڕن کە لە پاریس و تەنانەت تارانیش گێڕایان، بەڵام هەڵگری هەموو ئەو شیمانە و ئیمکانانەیە کە لەبەردەم سووژەیەکن وا لە ساتەوەختێکی مێژوویی لە شوێنێکی تایبەت بە زمانێکی دیاریکراو هەناسە هەڵدەکێشێ. وەکوو زمانناسی فیمینیستی باسی دەکات، زمان خاڵی جیاواز و پێکهاتی جیاوازیی شیعری ئەم دوو جۆرە سووژەیەیە. ئەمە مزگێنی سەرهەڵدانی زمانێکی تازە و جیاواز بە فۆرم و پێکهات و دەربڕینی خۆی دەدات و شیعر جگە لە دەرکەوتنێکی دانسقە و نامۆ و غەریب و ناکام لە زماندا چییە؟ زمانێک کە بڕیارە ناکامی و ڕەنج و شکست و کارەسات و هەندێ ساتی بچووکی دڵخۆشانەی ئێمە بگێڕێتەوە. کافەکان سەرهەڵدانیان لە شارەکانی ئێمەدا تازەیە و مێژوویەکی دووریان نییە و دەشێت وەکوو دیاردەیەکی مۆدێرن کە هەم بەرهەستیانە و هەم دەرهەستیانە قبووڵ کرابێت، لە نەست و گیانی تاقمێکی کۆمەڵگادا بە هەند وەرنەگیرێت و نوێنەرانیشیان هەموو ئەو کەسانەن کە تۆوی سەلەفیەتێکی نەریتی و توندڕەوییەکی کولتوورییان لەخۆیاندا هەڵگرتبێت. کافە وەکوو شوێنە، حەیات و حەساری خەڵوەتی ئەوانەی کە ئازادی لە دواسەنگەرەکان و مەترسیدارترین شوێندا دەپارێزن. ئازادییەک کە خۆی حەیای تکاوە و ئەگەری بە قەنارەکێشانیشی دوور نییە!

کافە لە نەستدا قاچاخە، شیعر و زمانی ئێمەش قاچاخ بووە. لە فەزای قاچاخدا کاڵای زۆر باش و پێشبینینەکراوت دەستدەکەوێت و بێگومان کاڵای قەڵب و ساختەش کەم نین. کافەکان لە ئێستەدا ڕووبەرێکن بۆ ریسککردن و چوونە ناو مەترسیی زمان و شکست و بوون و نەبوونەکانیەوە.

شیعری ئێمە بەردەوام شوێنێک بووە ڕۆحی بەرخۆدان و خۆڕاگری لە هەمبەر هەر دۆخێکی سەپاو پاراستووە و پەیام و ئەرکی شیعریش هەر ئەمە بووە، ئەم ڕۆحییەتە بە ئامادەیی ژنان و زمان و ئەزموونی شیعرییان زایەڵەیەکی بەهاوارتری وەرگرتووە و لەگەڵ دوو جەمسەری نەریتی و چەسپاو دەجەنگێت: سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی- سیاسیی ئایینی و پێکهاتێکی کولتووری- ئایینیی نەریتی و دۆگم. لە کافەدا ژن و شیعری ژنان دەبێت بە مەودایەک بۆ تێکشکاندنی هەژموونی ئەم دوو لێڤیاتانە.

هەر لە ساڵی ڕابردوودا بوو کە شیعری چەندین شاعیری ژن چاپ کران و وەکوو ئەزموونێکی هەڵگری توخمی تازە هاتنە ناو ژینگەی ئەدەبی و شیعریمانەوە کە شوێنی مانیفێستبوون و شرۆڤەکردنیان کافەکان بوون. هەڵاڵە سوهرابی، سوهەیلا میهەمی، ڕوانا چوپانی و کەسانێکی دیکە کە ڕەنگە من ئاگاداریان نەبم.

ئامادەیی چالاکانەی خانمان لە فەزای کافەدا درووستکەری شوێنێکی جیاواز و تازەباوە لە فەزای ئەدەبیی ئێمەدا، شوێن چ وەکوو بابەتێکی کۆنکرێت و بەرهەست و چ وەکوو وێنا و تێگەیەکی زەینی و دەرهەست.

گۆڕانی شوێن وەکوو بابەتێکی بەرهەست و عەینی زەمینەساز و مزگێنیدەری ئەزموونکردنی ئەو ئازادییە سادە و مافە ڕەوایەی مرۆڤی ئێمەیە لە ژێر ئەو دوو سیستەمە سیاسی و نەریتییە دۆگم و بناژۆخوازەدا. جمان و جووڵەیە بۆ هەرێمگەلی تازەی جیهان- ژین و وێناگەل و خەیاڵکردنی نوێ...

ئیدی شوێن بۆ ژنان تەنها گۆشەی ماڵ و مەتبەخ و باخچە گچکەکەی ناو حەوشەی پشتەوە نییە و بێگومان خەیاڵکردنیشی نابەسترێتەوە بەو شوێنە عەینییە بچووک و بەرتەسکەوە و لەو کەلاوە بچووکەی دەوری تەنیوە دێتە ناو کۆمەڵگا و پانتاییەکی پێوەندیی زیاتر و قەرەباڵغتر ئەزموون دەکات و ئەمە ریسکی شاعیربوون و ئۆنتۆلۆژیای ئەدەبە.

شیعر لە کەلاوەی بێدەنگییەوە هاتووەتە ناو کافەی پڕ هاوار و زایەڵەوە و بەرخۆدان و خۆڕاگری لەوێدا مانیفێست دەکات: ئامادەیی شۆڕشگێڕانە و ئۆنتۆلۆژیک و پڕ هەڵچوون و داچوون.... تەیار بۆ شکست و حوزن و ناکامی... وەستاو لە هەمبەر خێڵی کۆمەڵگای نەریتی بە ڕوخسارێکی هەڵوەستەکار و تێڕامانەوە.

پێشڕەو عەبدوڵڵا:

# ئەدەبی ئەم نەوەیە ئەدەبێکی غەمگین و تەنیایە



لەپاڵ نووسینی ڕۆماندا، هەمیشە گفتوگۆش لەسەر ئەو ژانرە هەبووە، خوێنەران هەمیشە بە دوای هەندێ لەو وەڵامانەوەن کە پەیوەندییان بە سرووتەکانی نووسینەوە هەیە لای ڕۆماننووسان. ڕۆماننووسێک کە ڕۆمان دەنووسێت، سەرەتا چۆن بیر لە بیرۆکەکەی دەکاتەوە، چۆن یەکەم ڕستە و پەرەگراف دەنووسێت. چۆن نووسەرانی تر کاریگەری لەسەر دروووست دەکەن و ئەو چۆن دەتوانێت نەبێتە کۆپییەک لەوان؟

(ئەدەب و کولتووری رووداو) درێژە بەم گفتوگۆ بەردەوامە دەدات لەگەڵ چەند نووسەرێکی گەنجی کورد کە ڕۆمانێک یان زیاتریان نووسیوە و لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە نووسینی ڕۆمانەوە هەیە، ڕوونکردنەوە دەدەن و قسەی خۆیان دەکەن.

لە دووەمین گفتوگۆماندا، پێشڕەو عەبدوڵڵا، نووسەر و ڕۆماننووس وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتوور**

**رووداو: دەمەوێت ڕاستەوخۆ لەم پرسیارە بە "ڕووکەش" سادەیەوە دەستپێبکەم، بۆچی بیرت لە نووسینی ڕۆمان کردەوە؟**

**پێشڕەو عەبدوڵڵا:** لەڕاستیدا پەیوەندیی هەبوو بەو بابەتەوەی ماوەی شەش ساڵە پێوەی سەرقاڵم. ئەویش ئیشکردنە لەسەر چەمکی عیشق. هەروەها چونێتیی دۆزینەوەی ڕێگەی دووبارە لەدایکبوونەوە کە ئەم پەیامە دەتوانم بڵێم پەیامی زۆربەی ئایین و زانستە دەروونییەکانە. هەموویان مرۆڤ ڕێنوێنی دەکەن کە ئیتر هەموو ئەوەی وەک کولتوور وەریگرتووە، دایبنێت و لە خۆیەوە دەستپێبکات. ئەم گەڕان و سۆراخە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی بیر لە نووسینی ئەو ڕۆمانە بکەمەوە؛ ڕۆمانی (لەدایکبوونی دووەم). لە وەڵامی پرسیاری ئەوەشی بۆچی لە چوارچێوەی ڕۆماندا ئەم بابەتەم وروووژاندووە، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە ڕۆمان وەک فۆرمێکی هونەری بریتییە لە هونەری گێڕانەوە، ئەمەش زیاتر ئیشکردنە لە زمانێکدا کە پێیدەڵێن (اللغه البصریه) واتە لەو جۆرە زمانەدا چاو حزووری هەیە نەک گوێ. چونکە دەقی فکری و فەلسەفی دەقێکە زیاتر ئاڕاستەی بیستن دەکرێت نەک بینین. منیش بۆ ئەوەی پەیامەکەم جوانتر بگات و باشتر خوێنەر بە لای خۆیدا ڕابکێشێ، لە فۆڕمی ڕۆماندا هەموو ئەو تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەی هەمبوو دەربارەی ئەم بابەتە، خستوومەتەڕوو. بە تایبەتیش زیاتر مەبەستم بووە سەرنجی گەنجەکان بە لای ئەم بابەتەدا ڕابکێشم.

**رووداو: نووسەرێکی دیاریکراو هەیە بە تایبەت ئیلهامت لێ وەرگرتبێت، یان لە چرکەیەکی بەریەککەوتندا بیرۆکەی ڕۆماننووسین لای تۆ سەریهەڵدابێت؟**

**پێشڕەو عەبدوڵڵا:** نا نەخێر، بەڵام هەموو ئەو خوێندنەوە و گەڕان و سۆراخکردنە، پاڵپشت و سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بوون. هەروەها مەبەستم بوو ئەم پەیامەم زیاتر بڕواتە ناو خوێنەرانەوە. چونکە ئەوەی پێیدەڵێن فەزای گشتی زیاتر کار لەسەر زمانی بینین دەکات نەک زمانێکی گوتەیی.

**رووداو: هەموو ڕۆمانێک سەرەتا بیرۆکەیەکە، دەمەوێت سەرهەڵدانی بیرۆکەی یەکەم ڕۆمانت باس بکەی، بە وردی پڕۆسەی سەرهەڵدان تا نووسینی، ئەم پڕۆسەیە لە خەیاڵی تۆدا بە چ پلەبەندییەکدا ڕۆیشتووە، هەندێ جار هەندێ نووسەر باسی بیرۆکەی پشتی نووسینی ڕۆمانێکیان لە ڕۆمانەکە خۆی درێژتر بووە، ئەمە لای تۆ چۆن بووە؟**

**پێشڕەو عەبدوڵڵا:** بابەتەکانی خۆناسی و خودسازی ئەمانە بابەتگەلێکی گرنگ و تایبەتن و پەیوەندییان بە کۆی ژیانەوە هەیە، واتە پەیوەست نییە بە نووسینەوە یاخود بە تەنیا لەناو کتێبەکاندا ئەم باس و خواسانە بدۆزینەوە. ڕاستتر بڵێم ئەمانە لەناو ژیاندان، بەڵام چونکە مرۆڤ نەیتوانیوە ژیانی خۆی تژی بکات بەم باسانە، ناچار بووە لەناو نووسیندا بەرجەستەیان بکات. بۆیە نووسینی ئەو ڕۆمانە و بابەتی ڕۆمانەکەم بابەتێکی زیندووە و چرکە بە چرکە پەیوەستە بە ژیانی ئێمەوە. چونکە ئێمە بەردەوام ئەوەمان لە پێشە چۆن باش بژین و خۆمان بین. کاتێکیش هەستمکرد کە ئیتر ئەم پەیامە پێویستی بەوەیە لە خەیاڵ و زەینەوە بێتەدەر و لە دەرەوەی خۆمەوە سەیری بکەمەوە، لە چوارچێوەی ئەو ڕۆمانەدا بابەتەکەم وێنا کردەوە.

**رووداو: سەبارەت بە ناونیشانی ڕۆمانەکەت، چۆن هەڵتبژارد. بەشێک لە نووسەران ناونیشانی ڕۆمان بە ئاڵۆزترین و پڕکێشەترین بەشی نووسینەکەیان دەزانن، لای تۆش هەمان ئاڵۆزی هەبوو، ئایا چ پێوەر و میکانیزمێک لای تۆ ناوی ڕۆمانەکەت دیاری دەکات؟**

**پێشڕەو عەبدوڵڵا:** ناونیشانەکە (لە دایکبوونی دووەم) ناونیشانێکی نوێ و تازە نییە، ئەم ناونیشانە لە دنیای تەسەوفدا زۆر کاری لەسەر کراوە، لای مەولانا و ئیبن عەرەبی و زۆرێک لە سۆفییەکان باسکراوە. هەروەها لە ئایینەکانیشدا وەک ئایینی بودایی و مەسیحی ئاماژەی بۆ کراوە، تەنانەت لای دەروونناسانی وەک فرۆید و یۆنگیش ئەم چەمکە بەرچاو دەکەوێت. بۆیە منیش لەبەر ناوەڕۆکی بابەتەکەم هەمان چەمکم کردە ناونیشانی ڕۆمانەکەم.

> **کێشەی نەوەی ئێستا ئەوەیە لەگەڵ بوونی خەون و ئازادی و یاردا هەر ناتوانێ دڵخۆش بێت**

**رووداو: پرسی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕۆمان پرسی گەرمی نووسەران بووە لەبارەی نووسینی ڕۆمانەکانیانەوە، هەندێک پێیانوایە ڕستەی سەرەتا داڕێژەری هەموو ڕۆمانەکەیە و هەندێک کۆتایی و هەندێک ناوەڕاست، نووسەرانێکی وەک هەمینگوەی و مارکیز دەڵێن سەدان لاپەڕەیان لەبەر ڕستەی یەکەمی ڕۆمانەکەیان دڕاندووە کە بە دڵیان نەبووە، تۆ لە نووسینی ڕۆمانەکەتدا چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەوە کردووە، بە چ پڕۆسەیەکدا ڕۆیشتووی؟**

**پێشڕەو عەبدوڵڵا:** ڕۆمان وەک دروووستکردنی باڵەخانەیەک وایە، لە سەرەتاوە نەخشەکە ڕۆشنە، دواتر قۆناغ قۆناغ ئەو هەیکەلە پڕ دەکرێتەوە و ڕۆمانەکە دەنووسرێت. من بۆ خۆم بەپێی ئەو نەخشەیەی دامڕشتبوو دەستمکرد بە نووسینی ڕۆمانەکە، جاریش هەبوو یەکێتیی بابەت و گونجان لە نێوان ناوەڕۆک و ڕوخساردا وای دەکرد کە گۆڕانکاری لە هەندێ بەشدا بکەم.

**رووداو: ئێمە بە پێچەوانەی شیعرەوە بناغەیەکی پتەوی ڕۆمانی کلاسیکیمان نییە کە سروشتیانە ڕێی کردبێت تا ئێرە، تۆ لە نێوان نەبوونی باکگراوندێکی ڕۆمانی کلاسیکی کوردی و نووسینی مۆدێرنانەی ئەمڕۆ چۆن بیر دەکەیتەوە، ئەم پەڕینەوە خێرایە لای تۆ کێشەی دروووست نەکردووە؟**

**پێشڕەو عەبدوڵڵا:** بە پێچەوانەوە ئێمە سەرەتایەکی باشمان هەیە، ڕۆمانەکانی حسێن عارف و قازی و ئیبراهیم ئەحمەد سەرەتاییەکی باشن لە ڕۆمانی کوردیدا. دواتریش پۆلێک ڕۆماننووسی دیکە هەن کە درێژەپێدەر و گەشەپێکەری ئەو شێوازە کلاسیکیەن، وەک عەبدوڵڵا سەڕاج. پاشان لە شێرزاد حەسەنەوە شەپۆلێکی تری نۆڤلێت و ڕۆمان دێتە ئاراوە. هەموو ئەمانە سەرەتا و شەقڵی زۆر باش و کاریگەرن بۆ ڕۆمانی کوردی. بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەموو ئەدەبێک کوڕی سەردەمەکەی خۆیەتی و هیچ سەردەمێک لە سەردەمێکی تر ناچێت. ئەم لێکنەچوونە کاریگەریی دەبێت لەسەر گۆڕینی بابەت و زۆرجار گۆڕینی تەکنیک و شێوازیش. من باوەڕم وایە هەر ئەدیب و نووسەرێک بتوانێت لە ڕۆحی سەردەمەکەی خۆی تێبگات، دەتوانێت گۆڕانکاری و نوێخوازی بهێنێتە ناو کارەکانییەوە. ڕۆمانەکانی حسێن عارف زیاتر واقیعی دەرەبەگ و جووتیار نیشاندەدەن، لای شێرزاد حسەن ئەم بابەتە کۆتایی هاتووە، چونکە سەردەمی شێرزاد سەردەمێکە باوکەکان لە شەڕی ئاغا و دەرەبەگ بوونەتەوە و شەڕەکە کەوتووەتە نێوان باوک و نەوەکان. بۆیە ڕۆمانەکانی شێرزاد زیاتر گوزارشتکەری شەڕی نێوان باوان و نەوەکانە. پاشان لای بەختیار عەلی شەڕی نێوان براکان و نەوەکان دەستپێدەکات. کە ئیتر نەوەی نوێ هاتووەتە پێشەوە، بەڵام ئیتر ئەو جارە لە نێوان خۆیاندا بەشەڕ دێن. بۆیە سەیر دەکەیت بەشێکی زۆری ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی نووسینەوەی مێژووی شەڕی براکانە. ئەمڕۆ بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، نەوەیەک هاتووەتە پێشەوە، کێشەی نەبوونی یار و خەون و ئازادیی نییە، کێشەی ئەم نەوەیە ئەوەیە لەگەڵ بوونی خەون و ئازادی و یاردا ناتوانێ دڵخۆش بێت. بۆیە سەیر دەکەیت ئەدەبی ئەم نەوەیە ئەدەبێکی غەمگین و تەنیایە.

> **نووسینی ڕۆمان وەک دروستکردنی باڵەخانە وایە**

# کۆچ؛ مۆتیڤێک بۆ شکستی خەون

▶ نیهاد جامی



پەیوەندیی خەون بە شوێنەوە، بینینی شوێنە وەک دۆزەخێک، وێناکردنی نادیاری شوێنی دووەمە وەک بەهەشتێک، ئەو وێناکردنە وا دەکات مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە لە شوێنی خۆی رابکات، چونکە بڕوای وایە ئەو شوێنەی تر کە لەخەیاڵدایە، فانتازیاکانی دەبنە وێنەیەکی ڕاستەقینە، بۆیە بەرەورووی فانتازیاکانی دەڕوات، کاتێک شوێن رووە فانتازیاکەی دەدۆڕێنێ، تێدەگەین ئەوە زهنی ئێمە بوو ئەو وێنە بارگاویکراوەی بەشوێن بەخشیبوو، دەنا جوانیەک لەو مانایەدا نییە، ئەو کاتە ئەوە تەنیا خەون نییە شکستدێنێ، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەل نائومێدی، لێرەوە پرسیارکردن لە شوێن، دەبێت بە نائومێدبوونی مرۆڤ لە دنیا.

شانۆنووسی پۆڵەندی سواڤۆمیر مرۆژێک لەڕێی تێکستێکی شانۆییەوە بەناوی (کۆچبەران) دەیەوێت وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەودیوی فانتازیا بەرجەستە بکات. ئەو وێنەیە کەسی کۆچبەر خۆی لێ دەدزێتەوە و نایەوێت بیبینێت، ئەوەش وابەستە نییە بە ئاستی کولتوورییەوە، بەڵکو ئەوە پرسیاری ئەخلاقیی مرۆڤە لەنێوان دوو شوێندا، سەرەنجام کۆچبەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەوە دەبێتە تێکستێک بۆ یادەوەریی ئەزموونی کۆچ، ئەزموونێک ئەو بەشەی ناگێڕدرێتەوە. نووسەری ئەو شانۆنامەیە دێت یادەوەریی لەبیرکراو دەکاتە حەقیقەتی مرۆڤی کۆچبەر.

هەڵبەت پێویستە ئەو ڕاستیە لەبیر نەکەین کەوا ئەو شانۆنامەیە بۆ سواڤۆمیر مرۆژێک بەشێک لە ئەزموونی تایبەتی خۆیەتی. کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم ئەودەمەی وەک پەناهندەیەک بەرەو فەرەنسا ڕۆیشت و ئەزموونی ژیانی وەک کۆچبەرێک دەستپێکرد، لەوێوە سەفەری ئەو بەدنیایدا دەستپێکرد، وەک چۆن ئەو ئەزموونەی تیایدا دەژیێت، دەبێتە ڕووبەری ژیان لەڕێی دوو کارەکتەری ئەو شانۆنامەیە.

دوو مرۆڤ لەڕاستیدا وەک ڕووی دیار و نادیاری مرۆڤی کۆچبەر دەردەکەون، بۆیە هەمیشە کۆمەکی یەکتری دەکەن تا ڕووداوەکان بەرەو لووتکە بەرن، بۆیە کارەکتەرەکان بە پیت ئاماژەیان بۆ دەکرێت و ناوێکیان نییە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە شوناسێک بە کارەکتەر نەبەخشرێت، هێندەی ئەوان هەڵگری ئازاری مرۆڤی کۆچبەرن، کە شوێن بریتییە لەو ژوورەی ئەو دوو مرۆڤە تیایدا دەژین، کەلوپەلی هەرە سادە، ڕووداوەکان لە شەوێکی سەری ساڵدا ڕوودەدەن، ئەو کاتەی خەڵک یادی ئەو جەژنە دەکەنەوە، ئەو دوو کارەکتەرەش هەریەکە بەشێوەی جیاواز دەیانەوێ بەشداری بکەن، بەڵام سەرەنجام هەر لەو ژوورە دەمێننەوە.

مانەوە لە شوێندا وا دەکات کێشەی ئەوان لەناو دیالۆگدا بمێنێتەوە، کێشەیەک وابەستەی گرفتەکانی مرۆڤی کۆچبەرە. ئەو دوو کەسە لەبنەڕەتدا سەر بە دوو چینی جیاوازی کۆمەڵایەتین، بەڵام گوزارشت لە یەک گوتاری دەستنیشانکراو دەکەن، ئەویش قسەکردنە لە مرۆڤی کۆچبەر. ئەگەر کارەکتەرێک دەبینین نوێنەرایەتی چینی ڕۆشنبیر دەکات، کتێب وەک ئاماژەیەکی ڕۆشنبیری پەیوەندی ئەوە بە دنیاوە، ئەوا کارەکتەرەکەی دیکە بێئاگایە لەو دنیایە و کێشەی ڕۆشنبیر و خوێندنەوەی نییە، وەک هەزاران کۆچبەر دەیەوێت کار بکات و پارەی دەستبکەوێت و بگەڕێتەوە نیشتیمان، واتە مرۆڤێکە خەونی ژیان هێناویەتی، بەپێچەوانەی کارەکتەرەکەی دیکە کە ترس لە مردن کردوویەتی بە کۆچبەر، لێرەوە ململانێی نێوان ژیان و مردن نییە، هێندەی کۆچ بیانوویەکە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لەوەی تیایدا دەژیێت.

ئەو شانۆنامەیەی مرۆژەک کە لە ساڵی 1974 نووسراوە، لەو کاتەوە چەندین دەرهێنەری پۆڵەندی کاریان تێدا کردووە، دیارترینیان کە جێی سەرنج و رامان و وتاری ڕەخنەی شانۆیی پۆڵەندی بووبێت، دەرهێنانەکەی ئاندژێی ڤایدا بووە، بەڵام کاتێک لە ساڵی 1995 دەرهێنەر کازیمییێژ کۆتز ئەو شانۆنامەیە دەردەهێنێت، دەیەوێت وێنەیەکی نائومێدیی ئەودیوی کارەکتەرەکان بەرجەستە بکات، وێنەی مرۆڤ وەک کەسێکی خەونبین و نائومێد، خەون و نائومێدی دەبنە دوالیزمی پەیوەندیی کارەکتەر لە شوێندا، مۆتیڤێکی وێنەیی دەخوڵقێنن، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن جیاوازی هۆشیاریی مرۆڤەکان لاببەن، ئەگەر کتێب دەلالەت لە ئاستی ڕۆشنبیریی یەکێکیان بکات، ئەوا بووکەشووشەی سەگێک گوزارشت لە پاکیزەیی ئەویتر دەکات، بەڵام سەرەنجام تێدەگەین، ئەوە پاکیزەیی نییە، بەڵکو ئەو پارە تاک کاغەزیانەن کە تیایدا شاردووەتەوە، بۆیە سەرەنجامی بێئومێدبوونی لە خەونەکەی دەیەوێت خۆی بکوژێت، کارەکتەرەکەی تر ڕاستە دەتوانێت ڕێ لە خۆکوشتنی بگرێت، بەڵام کاتێک ئەویتر دوای هەوڵەکەی دەخەوێت و ژوورەکە پڕ دەکات لە دەنگی پرخە پرخ، ئەویتر وەک ئەو دەچێتە سەر پێخەفەکەی خۆی تا بخەوێت، بەڵام هەست بەدۆڕانی خەونی خۆی دەکات وەک کۆچبەرێک، بۆیە دەنگی گریانی تێکەڵی پرخەی هاوڕێکەی دەبێت، مۆتیڤە وێنەییەکەی کۆچبەر بەم شێوەیە دەبنە قووڵایی شانۆ.



# ئاواییە چۆڵکراوەکە



حەسەن بلاسم

"لێرە بمێنەوە. دواتر پەیوەندیمان لەگەڵت دەبێ. لە سنوورەکانی ئاوایی واوەتر نەڕۆی".

ئەگەرچی هێشتا چەند سەر بزن لێرە و لەوێ دەخولانەوە، بەڵام پێدەچوو ئاواییەکە چۆڵ کرابێ. نەمدەزانی دەبێ چەندە چاوەڕێ بم. بەناو ماڵە چۆڵەکاندا دەگەڕام بۆ ئەوەی کات تێپەڕێنم. ماندوو ببووم، بەڵام دڵنیا نەبووم لەوەی ئەم ژیانە نوێیەم خەوتنی تێدابێ. سەرکەوتمە بانی یەکێک لە خانووبەرەکان و چاوم بە دەوروبەر و گەڕەکدا گێڕا. دووکەڵی شەڕ لە شارۆچکەکانی دەوروبەرەوە بەرز دەبووەوە، دوو هێلیکۆپتەری شەڕیش بە ئاسماندا دەسووڕانەوە. ئاواییەکە لە چوار لاوە بە مەزرای لۆکە دەوری گیرابوو. پێشتر هەرگیز گوڵی لۆکەم نەبینیبوو. یان رەنگە لە بەڵگەفیلم و ڤیدیۆی تردا دیبووم؛ چاکم لەبیر نایە. بەشێکی ژیانم لە نانەواخانەدا تێپەڕاند، دواتر بوومە شۆفێری تاکسی، پاشان وەردیانی بەندیخانە بووم. کاتێک شۆڕش تێکچوو، تەقلی بەرخۆدان بووم. تا دوا هەناسە شەڕم کرد. گوڵەکانی لۆکە دەتگوت کلوە بەفرن، بەڵام دەبوو دەستکرد بن ئەگینا لەبەر تیشکی بەتینی خۆرەتاو هەموویان دەتوانەوە.

چاوم کەوتە کچێک کە لە سەربانی خانوویەک دانیشتبوو. بێگومان منی نەدەدی. کچەکە لەسەر کورسییە دارێکی بچکۆلە ڕۆنیشتبوو، شانەیەکی سەوزی بە کەزیەی درێژیدا دێنا. پێستی هەتاوسووت ببوو. ژنێک لە حەوشەی خوار خانووەکەوە هاواری کرد و گوتی: "لە بەر خۆرەکە بمێنەوە. لە جێی خۆت نەجووڵێی".

کچە هەناسەیەکی دایە دەرەوە و بە هەردوو دەست دەموچاوی داپۆشی.

ژنەکە چاوی ماسیبوون. وا دیار بوو پێویستی بە سەرخەوێک بێ. سی و پێنج ساڵێکی دەبوو، ژنێکی دێهاتی، بەژن رێک و بە گوڕ، بەڵام ئاخری و ئۆخریەکانی. بازێکم دا و تا ناو ماڵەکە ڕۆیشتم. بەرامبەر وی لەسەر کورسییەکی داپۆشراو بە خوریی مەڕ دانیشتم. سەیری هەواڵەکانی ناو تەلەفیزیۆنی دەکرد. شەڕ لە نێوان هێزەکانی ڕژێم و شەڕوانانی بەرەی بەرخۆداندا هێشتا گەرم بوو. کۆمەڵکوژی، دەستدرێژی، ئاگرکەوتنەوە و ڕاکردنی خەڵک لە ماڵەکانیان بەردەوام بوو. هەندێک کەس تەنانەت دەستیان کردبووە خواردنی جەرگ و ریخۆڵەی مردووەکان.

پێم سەیر بوو بڵێی چی نەیهێشتبێ ئەو ژن و کچە لێرە بار بکەن و بڕۆن. زۆربەی خەڵکانی دیکە هەڵاتبوون و لە وڵاتانی دەوروبەر ببوونە پەنابەر. سەگەل وەها دەوەڕین دەتگوت هار بوونە. ڕۆیشتمە دەرێ و دیتم زیاتر لە بیست دانە لەبەر ماڵەکە بەسراونەوە. ژنە گەڕاوە حەوشە و دیسان هەرای کچەکەی کرد: "وەرە خوارێ، سەوسەن. برینج و خۆرشتم بۆ لە ئاشپێزخانە داناوی".

سەوسەن لە گوێسوانەوە چاوی لێبوو کە ژنە لە ماڵەکە ڕۆیشتە دەرێ. ژنە گوریسێکی بە دەستەوە بوو. وە دووی کەوتم. دەنگی تۆپخانەی ڕژێم کە لە شارەکانی دەوروبەری دەدا بەر گوێمان دەکەوت. ژنە خۆی بە گەوڕی یەکێک لە ماڵە چۆڵەکاندا کرد. تەنیا ئاژەڵی ناو گەوڕەکە سەگێکی تۆقاو بوو کە وەک شێت بەو ناوەدا دەخولایەوە، دەتگوت جادوو کراوە. ژنە ڕانە مریشکێکی ساردی لە گیرفانی دەرهێنا و فرێیدایە بەر دەمی. سەگە بە قەپاڵێک هەڵیلووشی. ژنە دەستی بە سەری سەگەکەدا هێنا، کەندرەکەی لە ملی ئاڵاند و بەری دا تا لە تەویلەکە بڕواتە دەرێ.

گەڕامەوە لای کچە؛ سەری وەبەر بۆڕییەکەی حەوشە دابوو تا فێنک ببێتەوە، پاشان چووە بەر سێبەری دار سێوێک و لە پرمەی گریانی دا. ژنە سەگەکەی لە نزیک گەماڵەکانی دیکە بەستەوە و چاوی بە ئاواییە بێدەنگەکەدا گێڕا. من لەسەر لقی دارسێوەکە دانیشتم و بیرم لە هاوڕێکانم دەکردەوە، ئاخۆ بڵێی بێن بەهانامەوە تا بیەرێمەوە ئەوبەر. هیوادار بووم وە درەنگی نەکەون. سەیری چۆلەکە و سێوەکان و قژی تەڕی کچەم کرد – چەند دیمەنێکی ئاسایی لەو سی و چوار ساڵەی تێپەڕم کرد. زۆریش نییە. بەڵام پەژیوان نەبووم. من بوێرانە ژیابووم و ناوم لەناو زەینی نەوەکانی داهاتوودا دەدرەوشاوە.

ژنە گەڕاوە حەوشە و بە سەوسەنی گوت شتێک بخوا. کچە زیڕاندی و چۆلەکەکان لە ترسان هەریەکە بە لایەکدا هەڵفڕین. کچە دەگریا و بە زللە لە ڕوومەتی خۆی دەدا و دەیگوت هیچ ناخۆم، دەیگوت چاکتر وایە لە برسان بمرم تا لە بەر تیشکی خۆر. کچە گوتی: "تۆ دایکێکی بێ ڕەحمی، شێتی! خۆزگە بمرم و رزگارم بێ".

ژنە چووە سەرێ بۆ لای سەوسەن و پیلی گرت، بەڵام لەپڕ فرمێسکی هاتنە خوارێ. پاڵی بە قەدی دارەکەوە دا و لە پەنایەوە دانیشت. سەوسەن سەری هاویشتە کۆشی دایکیەوە و هێقە هێقی گریانی بەرز بووەوە. تەمەنی پێدەچوو پازدە ساڵ بێ، باریکەلە و جوانکیلە، نیگایەکی سەیر لە چاوانیدا بەدی دەکرا، وەک بڵێی گەرەکی بێ بەرەو شوێنێکی نادیار خۆی هەڵدێرێ. چی لە نێوانیاندا دەقەوما، من نەمدەزانی.

تەلەفۆنێک زرینگاوە. ژنە لە کەسی پشت تەلەفۆنەکە دەپاڕاوە تا ئاگای لە مێردەکەی بێ. گەرەکم بوو بچمە ئەو جێیەی تەلەفۆنکەرەکەی لێبوو تا بزانم کێیە. سووڕانەوە بەو ناوەدا ئاسان بوو، بەڵام پێیان گوتبووم لە مەتەرێزی گوندەکە واوەتر نەڕۆم. نەمدەتوانی یاساکان پێشێل بکەم.

ڕۆژ و هەفتەی دووپاتە هاتن و چوون. بێجگە لە سەوسەن و دایکی سەرم بە شتێکی ترەوە قاڵ نەبوو. دایکی هەموو جارێ بە زۆری سەوسەنی لەسەربان لەبەر خۆرەتاو ڕادەگرت و بەردەوام تەلەفۆنی دەکرد تا بەڵکوو مێردەکەی بدۆزێتەوە. هێزەکانی رژێم هەر سات و ئانێک لەوانە بوو ئاواییەکە بدەنە بەر بۆمبا و خومپارە، بەڵام مەرگ و ژیان بە گشتی، چیتر منی نەدەترساند. من ئازاد بووم و تەنیا هەنگاوێکی بەرەوپێشم مابوو.

سەرئەنجام زانیم لە نێوان سەوسەن و دایکیدا چی لە گۆڕێدا بوو. ژنە لە بەر خاتری مێردەکەی لە ئاواییەکەدا مابووەوە. چەند ڕۆژ پێشتر بەر لەوەی خەڵکی ئاوایی گوندەکە چۆڵ بکەن، تەلەفۆنی بۆ ژنەکەی کردبوو، پێیگوتبوو چاوەڕێی بێ. گوتبووی کە گەرەکیە ڕابکا. مێردەکەی لە یەکێک لە شارۆچکەکانی دەوروبەر لەناو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا شەڕی دەکرد، بەڵام پاشان ون ببوو؛ چیتر وەڵامی تەلەفۆنەکەی نەدەداوە. دایکی سەوسەن هێندە دەترسا، نەیدەوێرا بەبێ مێردەکەی بچێتە شارۆچکەیەکی تر. ژیانە هەمیشەییەکەی ناو گوندی لێ شێوابوو، ژیانی لێ ببوو بە کابووس. بە گوێی گەیشتبوو کە شەڕوانانی ڕژێم ڕێگەی زوڵم و زۆریان گرتووەتە بەر. خەڵکی ناویان نابوون "شەوە" و دەیانگوت کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ژن و کچان و زیاتر حەزیان لەوانەیە وا خۆش ڕەنگ و ڕواڵەتن. هەر بۆیە دایکی سەوسەن بڕیاری دا کچەکەی هەتاوسووت بکا. بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەر تیشکی خۆرەتاو دایدەنیشاند. ڕەنگە ئەگەر پێستی وەک نانی تەندوور ببرژایە، کاریان پێی نەدەبوو. ژنە تەدبیری تریشی دەکار کردبوو. دەمانچەیەکی هەبوو، سەگەکانی ئاواییشی هەموو کۆکردبوونەوە بەر دەرگای ماڵەکەی بە هیوای ئەوەی هەر کەس بەبیریدا بێ خۆی نزیک بکاتەوە، بیترسێنن و دووری بخەنەوە. سەوسەن هێندەی دایکی ترسی لە دڵدا بوو. پتر لە جارێک بە بیریدا هات ڕابکا، بەڵام نەیدەزانی دەتوانێ بەرەو کوێ بچێ.

شەوێک لەسەر تەختەبەندێکی کۆن درێژ ببووم، ژنەش لەو نزیکانە لەسەر مافوورێک دانیشتبوو، سەیری هەواڵەکانی دەکرد و سەرنجی دەدایە پێستی سەوسەن. قاڵبی ساردی بە ڕوومەتی کچەکەیەوە نابوو، پێیدەگوت دەبێ زۆر ئاو بخواتەوە. کچە حاڵی باش نەبوو. کارەبا بڕا. دایکە لەنتەرێکی داگیرساند، پاشان چووە دەرەوە بەرەو حەوشە تا تەلەفۆنێک بکا. سەوسەن کتێبێکی ئەستووری لە مێزی بن تەلەفیزیۆنەکە دەرکێشا. ئەو ماڵە تەنیا دوو کتێبی تێدا بوو – قورئان و کتێبی چیرۆکە کلاسیکەکان. کاتێک سەوسەن تەمەنی دە ساڵان بوو، باوکی ئەو کتێبی چیرۆکەی بۆ کڕیبوو. دایکە هاتەوە و لە پەنا سەوسەنەوە دانیشت، نیگەران و بێقەرار.

سەوسەن گوتی: "گوێ بدەیە دایە، با ئەو چیرۆکەت بۆ بخوێنمەوە: شەمسەدین، پاشایەکی ستەمکار و نوقمی چێژ و بێ مبالات بوو بە کێشە و گرفتی ژێردەستەکانی. فیلێکی هەبوو کە زۆری خۆشدەویست. کەس ئیزنی نەبوو فیلەکەی عاجز بکات یا سەر ڕێگای پێ بگرێت. فیلی پاشا بەناو شەقام و بازاڕەکانی شاردا دەخولایەوە و هەر شتێکی کەوتبایە بەر پێ، تێکیدەشکاند. ببووە بەڵا بۆ خەڵکی شار، بەڵام خەڵکی لە ترسی تووڕەبوونی پاشاکەیان هیچیان پێ نەدەکرا. ڕۆژێک خەڵکانی شار کۆبوونەوە و بڕیاریان دا داوا لە پاشا بکەن جموجۆڵی فیلەکە سنووردار بکات یان دووری بخاتەوە. هەمووان ڕۆیشتنە ناو کۆشکەوە، بەڵام ترس و وەحشەت بەرۆکی گرتن، لەگەڵ سەر و گوێلاکی شەمسەدین پەیدا بوو، خەریک بوو هەموویان ڕابکەن. پاش بێدەنگییەکی زۆر، شێخێکی بەتەمەن هاتە دەنگ؛ گوتی: گەورەم، فیلەکە... پاشان سەکنی، لەبەر ئەوەی پێیوابوو رەنگە ئەوانی تر قسەکەی تەواو بکەن، بەڵام دیتی بە تەنیا ماوەتەوە. شەمسەدین بە تووڕەییەوە گوتی: فیلە جوانەکەم چی لێهاتووە؟ قسە بکە!

شێخ لە فکری چارەیەکدا بوو تا لەو گرفتارییە دەرباز بێت. لە کاتێکدا لە ترسان هەڵدەلەرزی، گوتی: فیلەکە هەست بە تەنیایی دەکات، گەورەم. بە تەما نین فیلێکی تر دەستەبەر بکەن تا ببێتە هاوڕێی؟

شەمسەدین دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: ڕاست دەکەیت، پیاوی عاقڵ. گەلی دە وەزیران، فیلێکی ترم بۆ بێنن.!

فیلێکی تریان بۆ پاشا هێنا و ئەمجارە خەڵکی شار زیاتر لە پێشوو جاڕز ببوون، بۆیە بڕیاریان دا جارێکی تر بچنە لای پاشا بۆ گلە و گازندە، بەڵام وەک جاری پێشوو، لە کۆتایی قسەیاندا داوایان لە شەمسەدین کرد فیلێکی تر بخوازێ.

خەڵک هەموو جارێ سەردانی کۆشکیان دەکرد و هەرجارە و پاشا داوای دەکرد فیلێکی تری بۆ بێنن. بەم جۆرە باژێر پڕ بوو لە فیل و خەڵکی یەک لە دوای یەک شاریان جێدەهێشت. هەر کەس کە کۆچی دەکرد، ئەوانی تری بە ترسنۆکی تاوانبار دەکرد، دواجار شار کەسی تێدا نەما، بێجگە لە فیلەکانی پاشا کە بێ هەوسار دەخولانەوە".

– چۆن بوو چیرۆکەکە دایە؟

– نازانم کچی خۆم، نازانم، وەڵامی دایەوە: پشت و پەنامان هەر خوایە.

سەوسەن درێژەی کتێبەکەی بۆخۆی خوێندەوە. دایکی چووە چێشتخانەکە و بڕێک نان و مرەبای هەرمێی هێنا.

پاشان دەنگی تەقەی تفەنگمان بەرگوێ کەوت. ژنە ئاگری لەنتەرەکەی تەمراند، من بازم دایە دەرێ، لەوێ دیتم پێنج شەڕوانی ئۆپۆزیسیۆن ڕەپێی فرۆکەوانێک کەوتوون. پێدەچوو هێلیکۆپتەرەکەیان خستبێتە خوارەوە و خۆیان گەیاندبێتە ئەو شوێنەی فرۆکەوانەکە بە پاراشوت خۆی فرێدابووە خوارەوە. فرۆکەوانەکە تاقە دەمانچەیەکی پێبوو؛ ئەوانی تر کلاشنیکۆف بەدەست، بە سواری پیکاپێکەوە بە شوێنیەوە بوون. فرۆکەوانەکە سێ فیشەکی تەقاند و بە پەنا ماڵی سەوسەندا تێپەڕی. من هەڵاتمە ژوورەوە. دایکی سەوسەن زەندەقی چووبوو، دەمانچەکەی لە دراوێری لیباسەکان هێنایە دەرێ و لە پاڵ کچەکەیەوە دانیشت. فرۆکەوانەکە خۆی بە خانوویەکدا کرد، شەڕوانان دەورەیان دا و داوایان لێکرد خۆی تەسلیم بکا. چارەیەکی تری نەبوو: تەقەمەنی لێ بڕابوو. هەردوو دەستی بە سەریەوە گرت و هاتە دەرێ. پیاوەکان دەورەیان دا و بە پێلەقە تێیبەربوون تا کەوتە زەوی. پێیانگوت هەڵسێتەوە. یەکێکیان چەقۆیەکی لێدا و ئەوانی تریش بە دوایدا بەربوونە چەقۆلێدان. فرۆکەوانەکە لە جۆگەلەخوێنی خۆیدا گەوزا. یەکێک لە پیاوەکان چوو لەناو پیکاپەکەدا گازۆیڵی هێنا و یەکێکی تر لە هاودەستەکانی مۆبایلێکی دەرهێنا و کەوتە وێنەگرتن لە جەستەی سووتاوی فرۆکەوانەکە.

وێکڕا نەڕاندیان: "ئەڵاهو ئەکبەر!" پاشان گەڕانەوە ناو ئوتومبێلەکەیان و بە نیشانەی سەرکەوتن، دەستیان کرد بە فیشەک تەقاندن.

بە پەنای ماڵی دایکی سەوسەندا تێپەڕین و کاتێک چاویان بەو گشتە سەگە پەتکراوە کەوت، دیسان تینیان وەبەرهات. لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزینە خوارێ و ڕەگباری فیشەکیان گرتە سەگەل. دایکی سەوسەن زانی کە ئەمانە "شەوە"ن و گەرەکیانە خۆ بە ماڵێدا بکەن. دەستبەجێ فیشەکێکی بە مێشکی سەوسەنەوە نا، پاشان دەمانچەکەی خستە ناو دەمی خۆی. لەبەر دەنگی تەقەی کلاشنیکۆفەکان و وەڕەی سەگەل، چەکدارەکان دەنگی تەقەکەی ناو ماڵیان نەبیست.

دوای کوژرانی دواهەمین گەماڵ، بێدەنگی دیسان باڵی کێشا. پیاوەکان بەرەو دەرەوەی ئاوایی پیکاپەکەیان ئاژۆت. لەناو ماڵەکەدا، دایکە چۆکی دادابوو، دەمانچەکەی بە هەردوو دەستی گرتبوو. زاتی نەبوو ڕوو بکاتە سەوسەن کە خوێنێکی زۆر پرژابووە سەر پێستی هەتاوسووتی.

ژنە هەتا ئێوارە لەجێی خۆی نەبزووت. من بۆ ماوەیەک لە تەرمی سەگەکانم ڕوانی. یەکێکیان هێشتا هاسکە هاسکی هەناسەی دەهات. وام وێنا کرد ڕۆحی دەرباز دەبێ و لەم چاوەڕوانیەمدا دەبێ بە هاوڕێم. دایکی سەوسەن دەرگای دەرەوەی ماڵەکەی کردەوە. دەمانچەکەی هێشتا بەدەستەوە بوو، بێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ، بەرەو پێشەوە ملی پێوە نا. چووە ناو مەزرایەکی لۆکە و بە ماتمایی هەر ڕۆی و ڕۆی. ویستم بکەومە شوێنی بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ دەیەوێ خۆی بکوژێ، بەڵام لە مەتەرێزەکانی ئاوایی واوەتر و بەرەو هەتاو کە دەهات هەڵبێ، ڕۆیشت.

دوای ئەم ڕووداوە زۆر شتی تر لەو ئاواییەدا قەوما. هێزەکانی رژێم هێرشیان کردە سەر گوندەکە، پاشان هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆن دوای کۆمەڵێک شەڕ و پێکدادانی دژوار، دیسان کۆنترۆڵیان کردەوە. ڕێکخراوە مرۆییە ناونەتەوەییەکان بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە، هاتن و زانیارییان سەبارەت بە تاوانەکانی هەردوو لایەن کۆکردەوە، وەک دادوەر کە گوڵە تۆمارکراوەکان دەژمێرن.

****

من وێڕای گرووپی موجاهیدینی کوڕانی خوا شەڕم دەکرد. قەناسە بە دەست بووم. بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک تەرمی سەربازەکانی ڕژێمم هەڵدەگرتەوە. دواجار لەسەر فرۆکەیەکەوە بۆمبایەکیان هاویشتە سەر پەناگەکەم. لەشی شپرزەمیان بە ڕاکێشکردن هێنایە دەرێ و بە پێلەقە تێیبەربوون و پێیدا هەڵمیزان. بۆم گرینگ نەبوو کە بە خراپ لەگەڵ مەیتەکەم هەڵسوکەوت دەکرێ. کەیفخۆش بووم لەوەی لە شەڕدا مردبووم. بە ویژدانێکی ئاسوودەوە دەچوومە بارەگای خودا. هەر کە گیانم دەرچوو، چەند هاوڕێی قەدیمی هاتن بۆ ئەوەی پرۆسەی گواستنەوەم ڕێکبخەن. هێنایانمە ئەم ئاواییە. گوتیان: "لێرە بمێنەوە. بەرێی بەهەشتت دەکەین. لە مەتەرێزەکانی ئاوایی واوەتر مەچۆ". پاشان بەجێیانهێشتم. نازانم ئاخۆ ئەو هاوڕێیانەش وەک من چاوەڕوان بوون؟

کاتێکی زۆر تێپەڕیبوو. من هەر چاوەڕوان بووم. بەناو ئەو ئاواییە چۆڵەدا دەگەڕام. لە جلوبەرگ و قاپ و قازانی خەڵکانی دێهاتەکەم دەنواڕی، لە لیستۆکی منداڵەکانیان و ئێسک و پرووسکی ئاژەڵە مردووەکانیان. مەزراکانی لۆکەش مردبوون. زوو زوو تاقەتم بەسەر دەچوو، بەڵام دواتر بێتاقەتی پێشانیدام کە بەڕاستی خاوەنی چ هێزگەلێکم. ئیدی وێڕای چۆلەکەکان بەسەر چڵی دارەکان و سەربانی ماڵەکاندا دەگەڕام و دەخولامەوە. لەگەڵ گەڵای دارەکان کاتێک دادەوەرین، سەمام دەکرد. لە تەک با کایەم دەکرد، وێکڕای کرمەکان دەخزیم و گاڵتەم بە دەعباکان دەکرد. بێ دڵەڕاوکێ و برسیەتی و ترس هەموو شتێک مسۆگەر بوو بۆم. تەنهایی چیتر ئازاری نەدەدام. بیرەوەرییەکانی ژیانی پێشووم وردە وردە کاڵ دەبوونەوە. بەیانیەک کاتێک لەسەر دارسێوەکەی ماڵی دایکی سەوسەن دانیشتبووم، بیرێکم بە مێشکدا هات کە زەبرێکی گران بوو لە بیرۆکەی چاوەڕوانی: ئەگەر ئەم ئاواییە چۆڵکراوە خۆی بەهەشت بێ چی؟

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: باوەڕ مەعرووفی – ئیستەنبوڵ– 17-12-2019**